# Geographical Analysis of Distribution Religious Services in (Shawis Society) Using Geographic Information Systems (GIS)

Basim Qasim Sulaiman Goran[1], Sozan Sedeeq Ali[2]
Salahadin University[1,2]

DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2695.09

Published: 16/8/2026

*Abstract*

*Religious services are considered one of the most prominent services provided to the population in any society and city, because these services are directly related to human life, especially in Islamic societies, and are considered a key factor for the development of any society, which is the type of religious activities represented by religious institutions, which include a mosque, a mosque, a hall of religious events, a hospice, a Quran memorization centre, and a cemetery. The purpose of this study is to analyse the characteristics of the location and function of the services, identify the shortcomings and find appropriate solutions to them. To achieve the goal, the research is divided into four main axes: in the first axis, the concept of services and the study area are discussed, in the second axis, the geographical distribution of the characteristics of their distribution is explained, in the third axis, the evaluation of the location and function of services is discussed, and in the fourth axis, the weight of the population distribution centre and the distribution of services are discussed, and the study concluded that the study area did not have any shortcomings in terms of the number of religious services such as mosques and mosques, but the number of religious services was much higher. of scale.*

***Keywords***: *Analyses, Service, Religious, mosque, GIS.*

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی ئایینی لە (کۆمەڵگای شاوێس) بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS

م.ی. باسم قاسم سلێمان گۆران[1] – م.ی. سۆزان صدیق علی[2]2

[1,2] زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا

## پوختە

خزمەتگوزاریی ئایینی لە دیارترین ئەو خزمەتگوزاریانەن کە لە هەر کۆمەڵگا و شارێک پێشکەش بە دانیشتوانی دەکرێت، چونکە ئەم خزمەتگوزاریانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بە فاکتەرێکی بنەڕەتیش دادەنرێت بۆ پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک، کە مەبەست لێیان جۆری ئەو چالاکییە ئایینیانەن کە لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، کە ئەوانیش بریتین لە (مزگەوتی هەینی(الجامع، مزگەوت(المسجد)، هۆڵی بۆنە ئایینییەکان، تەکیە، سەنتەری لەبەرکردنی قورئان و گۆڕستان). ئامانج لەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی شوێنی و وەزیفی خزمەتگوزارییەکانە، لەگەڵ دەرخستنی کەموکورتییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، بۆ گەیشتن بە ئامانج توێژینەوەکە بە سەر چوار تەوەری سەرەکی دابەشکراوە. لە تەوەری یەکەم ناساندنی چەمکی خزمەتگوزارییەکان و ناوچەی توێژینەوە باسکراوە، لە تەوەری دووەمدا، دابەشبوونی جوگرافی تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونیان ڕوونکراوەتەوە، لە تەوەری سێیەمدا، هەڵسەنگاندنی توانستی شوێنی و وەزیفی خزمەتگوزارییەکان باسکراوە، لە تەوەری چوارەمیشدا، سەنگی قورسایی ناوەندی دابەشبوونی دانیشتوان و دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان باسکراوە. لە توێژینەوەکەدا گەیشتن بوو بەو ئەنجامەی، کەوا ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی ژمارەی خزمەتگوزاری ئایینی وەک (مزگەوتی هەینی و مزگەوت) هیچ کەموکورتییەکی تیادا بەدی نەکراوە و بەڵکو ژمارەیان زۆر زیاتر بووە لە پێوەر. لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێکی تر و چەند ڕاسپاردەیەک کۆتایی هاتووە.

**وشەی کلیلەکان:** شیکردنەوە، خزمەتگوزاری، ئایینی، مزگەوت، GIS.

## پێشەکی:-

خزمەتگوزاریی ئـاینی لەو خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە کەوا پێویسـتـە بۆ تـاکەکـانی هەر کۆمەڵگایەک فەراهەم بکرێت، چونکە ڕادەی پێشـکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک پەیوەسـتە بە ڕادەی خزمەتگوزارییەکان بە گسـتی و لە نێویاند خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتی و ڕادەی بوون و توانسـتی ئەو خزمەتگوزاریانە بە شـێوەیەک کە گونجاو بن لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانان (الجدبە،2016،ص2)، کە مەبەست لیێان جۆری ئەو چالاکییە ئایینیانەن کە لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانەوە پێشکەش دەکرێن، کە ئەوانیش بریتین لە (مزگەوت (مصلی)، مزگەوتی هەینی(جـامع)، هۆڵی بۆنە ئـایینییەکـان، تەکیە، سـەنتەری لەبەرکردنی قورئـان، گۆڕسـتان)، ئامانج لەم توێژینەوەیە شـیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی دابەشـبوونی شـوێنی و وەزیفی خزمەتگوزارییە ئـایینییەکـانە، لەگەڵ زانینی ئـاراسـتـە و شـێوازی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵگاکەدا، و دەسـتنیشـان کردنی کەموکوڕییەکانیان، بە مەبەسـتی لەبەرچاو گرتنیان لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان لە کاتی دانانی هەر پلانێک، کە مەبەسـتی بۆ بەرەوپێش بردنی شارەکە دادەڕێژرێت.

**گرنگی توێژینەوە:** زانینی کێشـەی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ڕووی شـوێنی و وەزیفی لە کۆمەڵگاکەدا، هەڵسەنگاندنیان بە بەراورد بە پێوەرەکانی پلاندانان بەهایەکی گرنگی هەیە، چونکە خزمەتگوزارییەکـان بە گشـتی وخزمەتگوزارییە ئـایینییەکـان بە تـایبەتی یەکێکن لە کەرتە گرنگەکان و ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشـخسـتنی کۆمەڵگا و زیندوو ڕاگرتنیدا هەیە، سـەرهەڵدانی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان، هەروەها گەشـەی دانیشتوان و فراوان بوونی شـارەکەش پێویستی بەوە هەیە، کەوا لە توێژینەوەیەکی لەم شێوەیەدا باسیان لێوە بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوە:** هەڵسـەنگاندنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگاکەدا بە مەبەستی زانینی پیداویسـتییەکانی ئێسـتا و ئایندەی دانیشـتوانە، کە ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی شێوازەکانی دابەش بوون و هەڵسەنگاندنی لایەنی شوێنی و وەزیفی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ڕێگەی کاری مەیدانی و بەراورد کردنیان بە پێوەرەکانی پلاندانان و دەرخسـتی کەموکورتییەکانیان.

**گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی ئەم توێژینەوە لەوەوە سـەرچاوەی گرتووە، کە شـێوازی دابەش بوونی مزگەوتەکان پشـتی بە بنەما و پێوەرەکانی پلاندانان نەبوەسـتووە لە کاتی بونیـادنـانیـان، لەگەڵ درک کردن بە هەبوونی کەموکوڕی لە لایەنی شـوێنی و وەزیفی ئەم خزمەتگوزاریانە.

**سـنوری توێژینەوە:** خۆی لە سـنوری شـارەوانی کۆمەڵگای شـاوێس دەبینێتەوە، لە ڕووی کارگێرییەوە سـەر بە ناحیەی کەسنەزان و قەزای بنەسڵاوەیە، کە بارودۆخی کۆمەڵگاکە ڕوون دەکاتەوە بۆ ساڵی (2024-2025) بە پێی نەخشـەی بنەڕەتی کۆمەڵگاکە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی و شیکاری) بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان و شیکردنەوەی توانستی شوێنی و وەزیفی، بۆ ئەم مەبەستەش سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە.

## یەکەم: ناساندنی چەمک و زاراوەکان و ناوچەی توێژینەوە:

**1- ناساندنی چەمک و زاراوەکان:** بابەتی توێژینەوە کە خۆی لە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری ئایینی دەبینێتەوە، هەڵبەتە لێرەدا باس لە کۆمەڵگایەکی موسڵمان دەکەین، بە مەبەستی تێگەیشتن لە جۆراوجۆری خزمەتگوزارییەکان لە خوارەوە باسیان دەکەین:-

**أ- مزگەوتی هەینی (الجامع):** بریتییە لەو مزگەوتانەی کە نوێژی هەینی و نوێژی هەر دوو جەژن و نوێژەکانی تریان تیادا ئەنجام دەدرێت و شوێنی مینبەر لەخۆدەگرێت (العقیلی،2003،ص13)، مزگەوتی هەینی سەنتەری سەنگی قورسایی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا و دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاریی دەروونی و فکرییە، ژیانی کۆمەڵایەتی و شار ڕێک دەخات، کە بەشێکە لە کۆمەڵگا و پێداویستییەکانی دانیشتوان دابین دەکات (عزیز،2013،ل8)

**ب- مزگەوت ( المسجد):** بریتییە لە شوێنی پەرستش و پاڕانەوەی موسڵمانان، هەروەها دامەزراوەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە و لە گرنگترین خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەژمێردرێت بۆ موسڵمانان. ئەمەش لەبەر ئەوەی سەنتەرێکە بۆ بڵاوبوونەوەی ئایین و شوێنێکیشە ڕۆژانە موسلمانان بە گشتی پێنج جار سەردانی دەکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان و پەرستنی خودای گەورە ( الجدبە،2016،ص8)

**پ- هۆڵی بۆنەکان (قاعە المناسبات الدینیة):** مەبەست لێی ئەو هۆڵانەن بۆ مەبەستی ئایینی و بەڕێوەچوونی بۆنە ئایینییەکان بەکاردێت، وەک ڕۆژی تازیە لە کاتی کۆچی دوایی کەسەکان و زۆرجاریش هۆڵی بۆنە ئایینییەکان بۆ ئەنجامدانی مەولود و شیرینی خواردنی ڕۆژی مارە برین بەکاردێت.

**ت- تەکیە (تکیە):** تەکیە، رباط، زاویە، خانەقا، ئەمانە وشەی هاوواتا و لە بری یەکتر بەکاردێن، بە جۆرێک بەو دامەزراوە ئایینیانە دەوترێت، کە لە هەرێمە موسڵمانەکان بوونیان هەیە، کە ماڵێکی تایبەت بە چین و توێژێکی دیاریکراو و ناسراو بە (دەروێش) تیایدا کۆدەبنەوە بۆ پەرستش و خەلوە و دابڕان، وەکو زیندوو کردنەوەی یادەوەرییەکان و ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) لە سەر بێت (عزیز،2013،ل9).

**ج- سەنتەری لەبەرکردنی قورئان (مرکز تحفیذ القرئان)**: بریتییە لەو شوێنەی بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بنیاتنراوە، کە لە لایەن خێرخوازان یان لایەنکی حکومی یان حیزبی بەڕێوە دەبردرێت و فێرخوازان فێری قورئان خوێندن و لەبەرکردنی قورئان دەبن، لە لایەن کەسانی ئایینی شارەزا وەک مەلا یان فەقێ سەرپەرشتی دەکرێن و زۆر جاریش خولی پێشبڕکێی


لەبەرکردنی قورئان تیادا بەڕێوە دەچێت و لە کۆتایشدا بڕوانامە بە بەشداربووان دەبەخشرێت. (مەلا یاسین محمد امین، چاوپێکەوتن) .

**ج- گۆڕستان(المقبر):** وشەی گۆڕستان بەرامبەر وشەی قەبرستانە، لە وشەی قەبر وەرگیراوە، بریتییە لە شوێنی ناشتنی مردوو، شوێنێکە بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە دەرەوەی ناوچە ئاوەدانییەکان یان هەر شوێنیکی بەتاڵ یان لە سەر شوێنە بەرزەکان بە مەبەستی پاراستنیان لە ڕووداوە سروشتییەکانی وەک لافاو. بە گشتی دانیشتوان لە ڕۆژانی بۆنە ئایینییەکان و پشوەکاندا سەرەدانی دەکەن بە مەبەستی نزا کردن و پاڕانەوە لە خوای گەورە بۆ مردووەکان، لە کاتی ئێستاشدا گۆڕستانەکان پانتاییەکی گەورە لە نیشینگەکان داگیر دەکەن (گۆران، 2022،ل18).

## 2- ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

کۆمەڵگای شاوێس سەر بە ناحیەی کەسنەزان و قەزای بنەسڵاوەیە، لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە کەوتۆتە نێوان هەر دوو بازنەی پانی ("50 '15 °36 و "10 '14 °36)ی باکور و هەر دوو هێڵی درێژی ("20 '60 °44 و "20 '40 °44)ی ڕۆژهەلاتی گۆی زەوی، لە ڕووی ڕووبەرەوە کۆمەڵگای شاوێس نزیکەی (314.2)هکتارەیە، ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی 2024 خۆی لە (27450)کەس دەبییوەتەوە، لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە کۆمەڵگای شاوێس دەکەوێتە نێوان شەقامی 120 مەتر و 150 مەتری لە بەشی باکوری ڕۆژهەلاتی شاری هەولێر، بەو پێیەش لە شوێنیکی گرنگی شاری هەولێر هەڵکەوتووە، هاوکات شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و گەورەترین شاری ئەم هەرێمەیە، کە تا ڕادەیەک دەکەوێتە ناوەڕاستی پارێزگای هەولێر و بەشی باکوری ولاتی عێراق، نەخشەی(1).

**نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی کۆمەڵگای شاوێس**




سەرچاوە: کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پڕۆگرامی ArcGIS، بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، هۆبەی GIS، و وەزارەتی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کۆمەڵگای شاویس.

**دووەم: دابەشبوونی جوگرافی و ئاراستەی و شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ناوچەی توێژینەوە:-** لێکۆلینەوە لە دابەشبوون نزیکترین بابەتە لە زانستی جوگرافیا، هەر بۆیە بە خاڵی دەستپێک دادەنرێت لە توێژینەوە جوگرافییەکاندا (سلیم و عزیز،2015،ل148)، بۆ ئەم بەمەستەش لە خوارەوە باس لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەین:-

**1- دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:** بە سەیر کردن لە خشتەی(1)و نەخشەی(2) بۆمان بە دیار دەکەوێت، کەوا (15) مزگەوت لە ناوچەی توێژینەوە بەدی دەکرێت، لە نێویشیاندا تەنیا (3) خزمەگوزاریان لە جۆری مزگەوت (المسجد)ە و بە سەر 12 گەڕەکی کۆمەڵگاکەدا دابەشبوونە، بە جۆرێک گوندی کەلەکین کە لە ئێستادا بووەتە گەڕەکێک لە کۆمەڵگای شاوێس بە پلەی یەکەم دێت، کە (2) مزگەوتی هەینی و (1) مزگەوت تیادا بەدی دەکرێت، ئەوەش دەکاتە (20%)ی کۆی مزگەوتەکانی ناوچەی توێژینەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئەم گوندە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە و ڕووبەرێکی فراوانی هەیە

بەراورد بە گەڕەکەکانی تر، هەرچی تایبەتە بە گەڕەکەکانی تر بۆ هەر یەکێکیان مزگەوتێک لەخۆدەگرێت، جگە لە گەڕەکەکانی (سەفین، هەنگ ستی) هیچ جۆرە مزگەوتێک تیادا بەدی ناکرێت، هۆکاری ئەمەش لە لایەک بۆ بچوکی گەڕەکەکان و لە لایەکی تر بە هۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانی ئەم دوو گەڕەکە و نزیکی مزگەوتی گەڕەکەکانی تر لێیان وایکردووە کە تا ئێستا هیچ مزگەوتێکی تیادا دروست نەکرابێت.

هەرچی تایبەتە بە خزمەتگوزارییەکانی تری ئایینی وەک (سەنتەری لەبەرکردنی قورئان و تەکیە) دەکەونە گەڕەکی 26ی گوڵان، هەروەها (3) گۆڕستان لە ناوچەی تویژینەوە بەدی دەکرێت، بە جۆرێک (گۆڕستانی شێخ برایم) دەکەوێتە گەڕەکی ڕاپەرین و گۆڕستانی کەلەکین دەکەوێتە سنوری گەڕەکی کەلەکین و گۆڕستانی شاوێس کە لە هەموان گەورەترە دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی بە دیارکراویش دەکەوێتە بەشی باشوری کۆمەڵگاکە، کە هاوسنورە لەگەڵ گەڕەکی شاوێسی نوێ و ئازادی. دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەکی باش خزمەتگوزارییە ئایینییەکان بە سەر کۆمەڵگاکە بڵاوبنەتەوە، کە ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت و بە ئاسانی دانیشتوانی گەڕەکەکان دەستیان پێ دەگات. ئەوەی تایبەتە بە (هۆڵی بۆنەکان) دەکرێت بڵێین گشت مزگەوتەکانی ناوچەی تویژینەوە لە کاتی پێویست وەک هۆڵی بۆنە ئایینییەکان بەکاردێن بە تایبەتی بۆ پرسە دانان، هەر بۆیە شوێنەکانمان دەستنیشان نەکردووە و هەڵسەنگاندنمان بۆ نەکردوون، چونکە بەشێکە لە ڕووبەری گشتی مزگەوتەکان.


**خشتەی(1) دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**

| ژ | خزمەتگوزاریی ئایینی | جۆر | گەڕەک |
|---|---|---|---|
| 1 | مزگەوتی بەهار | مزگەوت (مسجد) | بەهاری نوێ |
| 2 | مزگەوتی نور | مزگەوتی هەینی(الجامع) | گوندی شاوێس |
| 3 | مزگەوتی گوندی شاوێس | مزگەوتی هەینی(الجامع) | |
| 4 | مزگەوتی کرێچیان | مزگەوتی هەینی(الجامع) | شاوێسی نوێ |
| 5 | مزگەوتی حاجی محمد سۆفی | مزگەوتی هەینی(الجامع) | قەرەبونی شاوێسی نوێ |
| 6 | مزگەوتی سانا | مزگەوتی هەینی(الجامع) | سانا ستی |
| 7 | مزگەوتی گەورەی شاوێس | مزگەوتی هەینی(الجامع) | نەورۆز |
| 8 | مزگەوتی ئاشتی | مزگەوتی هەینی(الجامع) | ئاشتی |
| 9 | مزگەوتی گوندی کەلەکین | مزگەوتی هەینی(الجامع) | گوندی کەلەکین |
| 10 | مزگەوتی حاجی زیاد | مزگەوتی هەینی(الجامع) | |
| 11 | مزگەوتی سەلام | مزگەوت (مسجد) | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 12 | مزگەوتی سارا خاتوون | مزگەوت(مسجد) | 11ی ئەیلول |
| 13 | مزگەوتی شێخ برایم | مزگەوتی هەینی(الجامع) | ڕاپەڕین |
| 14 | مزگەوتی حاجی نسرالدین | مزگەوتی هەینی(الجامع) | ئازادی |
| 15 | مزگەوتی ڕەحمە | مزگەوتی هەینی(الجامع) | کەرتی 85ی کەلەکین |
| ک. گشتی | 15 مزگەوت | 12 جامع و 3 مسجد | 11 گەڕەک |
| ژ | خزمەتگوزاریی ئایینی | گەڕەک | |
| 1 | سەنتەری لەبەرکردنی قورئان | 26ی گوڵان | |
| 2 | تەکیەی شاوێس | ڕاپەڕین | |
| ژ | خزمەتگوزاریی ئایینی | | گەڕەک |
| 1 | گۆڕستانی کەلەکین | گوندی کەلەکین | |
| 2 | گۆڕستانی شیخ برایم | ڕاپەڕین | |
| 3 | گۆڕستانی شاوێس | نزیک گەڕەکی شاوێسی نوێ و ئازادی | |
| ک.گشتی | 3 گۆڕستان | 2 گەڕەک | |

سەرچاوە: کارت تویژەر پشت بە سەرەدانی مەیدانی لە ڕێکەوتی 16/15ی 2025/8

**نەخشەی (2) دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی2025**




سەرچاوە: کاری تویژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ArcGIS، پشتبەستن بە سەردانی مەیدانی تویژەر و بەکارهێنانی Google Earth بۆ دەستنیشان کردنی شوێنی خزمەتگوزارییەکان.

## 2- ئاراستەی و شێوازەکانی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:-

**أ- ناوەندی شـــوێنی (Centre Mean) خزمەتگوزارییە ئایینییەکان :** پاش جێبەجێ کردنی تەکنیکی ناوەندی شـــوێنی (Mean Centre) بە ســـەر خزمەتگوزارییە ئایینییەکانی ناوچەی توێژینەوە ئەنجامەکەی لە خشتەی (2) و نەخشەی (3)دا بە دیار دەکەوێت، کە ناوەندی شوێنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان کەوتوەتە ســـەر خاڵی ناوەندی شـــوێنی ناوچەی توێژینەوە کە دەکەونە ســەر سـنوری نێوان گەڕەکی ئاشـتی و گەڕەکی ئازادی. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەوا دابەشـــبوونی خزمەتگوزارییەکـان بە دەورەی خـاڵی نـاوەنـدی شـــوێنی خزمەتگوزارییە ئـایینییەکـان دابەشـــبوونە بە شـــێوەیەکی فراوان، چونکە ڕووبەری بـازنەی ئاراســـتەی دابەشـــبوون (155 هکتارە) کە دەکاتە زیاتر لە (49%)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دابەشـبوونی خزمەتگوزارییەکان بە شـێوەیەکی بەربڵاو بە سـەر گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە.

**خشتەی (2) ئەنجامی ناوەندی شوێنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**

| خزمەتگوزاری | بەهای (X) | بەهای (Y) | ناوەندی شوێنی |
|---|---|---|---|
| خزمەتگوزارییە ئایینییەکان | 418227.7 | 4011841.3 | گەڕەکی ئازادی وگەڕەکی ئاشتی |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە بنکەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێ کردنی تەکنیکی ناوەندی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc GIS) .


**ب- ئاراســتەی دابەشــبوون (Direction Distribution )ی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:** پاش جێبەجێ کردنی تەکنیکی ئاراسـتەی دابەشـبوون بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان، ئەنجامەکەی لە خشـــتەی (3) و نەخشـــەی (3) دەردەکەوێت، کە ئاراســـتەی دابەشـــبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان شـــێوەی هێلکەیی وەرگرتووە، کە ناوەندی شـــێوە هێلکەییەکە شـــوێنی ناوەندییە (Mean Centre)، ئەم شـێوازەش شـێوەی دابەشـبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکانی ناوچەی توێژینەوە پیشـان دەدات، تا ڕادەیەک لە بەشـی باکوری ڕۆژهەڵات بۆ بەشـی باشـور ڕۆژئاوا هەڵکەوتووە، بە جۆرێک (11) خزمەتگوزاری کە دەکاتە (55%)ی خزمەتگوزارییەکان لە کۆی (20) خزمەتگوزاری دەکەوێتە ناو بازنەی ئاراسـتەی دابەشـبوون، و پلەی سـوڕانەوەی (46.6) پلەیە لە ئاراســـتەی باکور بۆ بەشـــی ڕۆژهەڵات، ئەمەش بۆ هەڵکەوتەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە، کە تا ڕادەیەک ئاراسـتەی فراوان بوونی ئاوەدانی بۆ بەشـی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات بووە، ئەمەش کاریگەری لە سـەر چۆنیەتی دابەشـبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان هەبووە لە ناوچەکەدا.

**خشتەی (3) ئەنجامی ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**

| خزمەتگوزاری | بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون | | | ژ. خزمەتگوزارییەکان | ژ. خزمەتگوزارییەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە | ڕێژەی (%) خزمەتگوزارییەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە | ئاراستەی دابەشبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەهای (X) | بەهای (Y) | پلەی سوڕانەوە | | | | |
| خزمەتگوزارییە ئایینییەکان | 418227.7 | 4011841.3 | 46.6 | 20 | 11 | 46.6 | باکوری ڕۆژهەڵات بۆ باشوری ڕۆژئاوا |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە بنکەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێ کردنی تەکنیکی ئاراستەی دابەشبوون بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc GIS) .

**نەخشەی (3) ناوەندی شوێنی و ئاراستەی دابەشبوون و دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**




**سەرچاوە**: کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولەکانی ( Mean Center, Direction, Standard Distance)، لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc GIS)، پشتبەست و پاڵپشت بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان.

**پ- دووری پێوانەیی (Standard Distance)ی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان**: پاش جێبەجێ کردنی تەکنیکی دووری پێوانەیی بە سەر خزمەتگوزارییە ئایینییەکان، ئەنجامەکەی لە خشتەی

(4) و نەخشـــەی (3) بە دیار دەکەوێت، کە خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە دابەشـــبوونیاندا بە دەوری ناوەندە شـــوێنیەکەیاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشـــبوونێکی ســـروشـــتی دەچێت، بە گوێرەی ئەنجامی دووری پێوانەییەکەیان، کە نزیکە لە ڕێژەی ســـروشـــتییەوە، بە جۆرێک (65%)ی خزمەتگوزارییەکان کەوتووەتە نێو بازنەکەوە و نیوە تیرەی دووری پێوانەییەکەی دەگاتە نزیکەی ( 767.4م)، ڕووبەری بازنەکەی دەگاتە نزیکەی (185.2 هکتار)، کە بە ڕێژەی نزیکەی (60%)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت، پاڵپشـت بە هەموو ئەمانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە  بڵێین تا ڕادەیەک دابەشـــبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ناوچەی توێژینەوە شێوازێکی سروشتی وەرگرتووە و بە سەر زۆربەی بەشەکانی کۆمەڵگاکە دابەشبوونە، پاڵپشت بەو یاسایەی کە دەڵێت: ئەم بازنەیە ئەگەر ( 68.27% ) توخمەکانی دیار دەکەی لەخۆ گرتبێت، ئەوا توخمەکانی ئەو دیاریدەیە بە شێوەیەکی سروشتی دابەشبووە، جگە لەمە هەر جۆرە دابەشـــبوونێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە (ســـلیم و عزیز،2015،ل153)، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونی پلاندانانمان پیشـــان دەدات لە بنیاتنان و دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان، هەڵبەتە ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ناوچەکە.

**خشتەی (4) ئەنجامی دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**


| خزمەتگوزاری | بەهای (X) | بەهای (Y) | ژ. خزمەتگوزاری | ژ.خ. ناو بازنەی دووری پێوانەیی | دووری پیوانەیی | ڕووبەر /هکتار/ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خزمەتگوزاری یە ئایینییەکان | 418227.7 | 4011841.3 | 20 | 13 | 767.4 | 185.2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە بنکەی زانیارییە بەدەست هاتووەکان لە جێبەجێ کردنی تەکنیکی دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc GIS)

**ت- پەیوەندی نزیکتری هاوســـێ (Nearest Neighbour Analysis) بۆ خزمەتگوزارییە ئـاییـنییـەکـان:** پـاش جێبەجێ کردنی تەکنیکی  هـاوکۆڵکەی نزیکترین هـاوســـێ ( Nearest Neighbour Analysis)، بۆ شـوێنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان ئەنجامەکەی لە خشـتەی (5) و شـــێوەی (1)دا دەردەکەوێت، کە بەهای پێوەری (Z- Score) بریتییە لە (3.8) ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشـــتێنەی نـاچـاری (Critical Value ) کە (2.58- تـا 2.58)ە. واتە، کەوتووەتە ناوچەی پەســـەندنەکراو بە هۆی ئەوەی ژمارەکە موجەبە بەو واتایە دێت، کەوا شـــێوازی دابەش بوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ناوچەی توێژینەوە شـــێوازێکی لە یەک دووری وەرگرتووە، هەروەها نرخی شیکردنەوەی پەیوەندیی هاوسێیەتی گەیشتووەتە (1.45)، ئەمەش بەڵگەیە لە ســـەر ئەوەی شـــێوازی دابەش بوونەکەیان شـــێوازێکی لە یەک دووری دەنوێنێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا خزمەتگوزارییەکان تا ڕادەیەک بە ســـەر

زۆربەی بەشـــەکانی کۆمەڵگاکە دابەش بوونە، هەڵبەتە ئەمەش بە خاڵێکی باش دەدەنریت و دەستگەیشتن بەو خزمەتگوزاریانە لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکە ئاسانە.

**شێوەی(1) ئەنجامی پەیوەندنی نزیکترین هاوسێ بۆ خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**




**سەرچاوە:** کاری تویژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ArcGIS، بە پشتبەستن بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان

**خشتە(5) بەهای نزکیترین هاوسێ و شێوازی دابەشبوونیان**

| بەهای نزیکترین هاوسێ(R) | شێوازی دابەشبوون |
|---|---|
| 0.09 – 0.00 | کۆکراوەیی (متجمع) |
| 0.49 – 0.1 | لەیەک نزیکی کۆکراوەیی (متقارب عنقودي) |
| 0.99 – 0.50 | لەیەک نزیکی هەرەمەکی(متقارب عشوائی) |
| 1.19 – 1.00 | هەرەمەکی (عشوائی) |
| 2.149 – 1.20 | لەیەک دوور(متباعد) |

**سەرچاوە:** محمد صلاح مصطفى أبو صلاح، التحليل المكانى للخدمات التعليمية والصحية في محافظة طوباس، رساله ماجستير(غيرمنشوره)، جاميعة بيرزينت، فلسطين،2016، ص29 .

## سێیەم: هەڵسەنگاندنی توانستی شوێنی و وەزیفی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:-

**1- توانستی شوێنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان(Buffer):** مەبەست لێی دەستنیشان کردنی خاڵی کۆتایی دووری ئەو خزمەتگوزارییەیە, کەوا خزمەتگوزارییەکە پێ دەگات، بە پێی پێوەری پلاندانانی هەرێمی کوردستان- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئەو دوورییە بۆ ( مزگەوتی هەینی(الجامع) 500م و بۆ (مزگەوت(مسجد) 250م دیاری کراوە (عزیز،2013،ل108). لە خوارەوە پشتێنەی کاریگەری بۆ هەر یەک لەم دوو خزمەتگوزارییە دەستنیشان دەکەین و شیکردنەوەی گونجاویان بۆ هەڵسەنگاندن بۆ باوردۆخی ناوچەکە دەکەین، بەم شێوەی خوارەوە:-


**أ- مزگەوتی هەینی (الجامع):** بە سەیر کردن لە خشتەی (6) و نەخشەی (4) بۆمان بە دیار دەکەوێت، کەوا پشتێنەی ئەم خزمەتگوزارییە تا ڕادەیەک تەواوی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوەی داپۆشیوە و بە ناوپەک داچوونێکی زۆر تیادا ڕوویداوە، ئەمە جگە لەوەی بەشێک لە سنوری پشتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزاریانە لە چەند لایەکەوە سنوری ناوچەی توێژینەوەیان تێپەڕاندووە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا ژمارەی مزگەوتەکانی هەینی لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەیان زۆرە و بە شێوەیەکی بڵاو بە سەر گەڕەکەکان دابەش بوونە، ئەمە جگە لەوەی کەوا سنوری ناوچەی توێژینەوە بە گشتی و ڕووبەرەی گەڕەکەکان بە تایبەتی بچووکن، هەموو ئەمانە وایکردووە، کەوا هەموو بەشەکانی ناوچەی توێژینەوە بکەوێتە ژێر پشتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزاریانە، هەڵبەتە ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ناوچەکە و دەست گەیشتنی هاوولاتییان بەم خزمەتگوزارییە ئاسانە، ئەمەش بەو واتایە دێت، کەوا دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بە کەمتر لەو دوورییەی دیاری کراوە دەستیان بەم خزمەتگوزارییە دەگات.

**خشتەی(6) داتای پشتێنەی کاریگەری خزمەتگوزاری ئایینی ناوچەی توێژینەوە**

| خزمەتگوزاریی ئایینی | ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری | %ناوچەی توێژینەوە | کەموکورتی |
|---|---|---|---|
| مزگەوتی هەینی(الجامع) | 311.4 هکتار | 99.1% | کەمتر لە 1% |
| مزگەوت(المسجد) | 44.7 | 14.2% | 85.8% |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەشت بە نەخشەی (4و5)، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولیBuffer لە پرۆگرامیArcGIS، پاڵپشت بە پێوەری ئاماژە بۆ کراو.


**خشتەی (4) پشتێنەی کاریگەریی مزگەوتی هەینی (الجامع) لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولەکانی(Buffer)، لە چوارچێوەی پرۆگرامی ArcGIS، بە پشتبەستن بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان

**ب- مزگەوت (المسجد):** بە سەیر کردن لە خشتەی (6)و نەخشەی (5) بۆمان بە دیار دەکەوێت، کەوا پشـــتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزارییە بە ڕووبەری (44.7 هکتار) کە دەکاتە ڕێژەی (14.2%)ی کۆی ناوچەی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت، بە شـێک لە ڕووبەری پشـتێنەی کاریگەری هەر یەک لە مزگەوتی (سەلام و بەهار) دەکەونە دەرەوەی سنوری ناوچەی توێژینەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا ئەم دوو مزگەوتە لە ســـەر ســـنوری ناوچەی توێژینەوە هەڵکەوتوونە، هۆکاری کەمی داپۆشـــینی پشـــتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزارییەش بۆ کەمی ژمارەی مزگەوتەکان (المســجد) دەگەڕێتەوە. کەمی ئەم خزمەتگوزارییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەموو مزگەوتەکانی هەینی (الجامع) لە ناوچەی توێژینەوە، جگە لەوەی نوێژی هەینیان تیادا ئەنجام دەدرێت و نوێژە فەرزەکانیشـــی تیادا ئەنجام دەدرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین، ســـەرەڕای کەمی ژمارەی ئەم خزمەتگوزاریانە، بەڵام بە کەموکوڕی هەژمار ناکرێت، بە هۆی ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان لە مزگەوتەکانی هەینی (الجامع) تیایاندا.

**نەخشەی(5) پشتێنەی کاریگەریی مزگەوت (المسجد) لە کۆمەڵگای شاویس بۆ ساڵی 2025**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولەکانی (Buffer)، لە چوارچێوەی پرۆگرامی ArcGIS، بە پشتبەستن بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان

**2- توانستی وەزیفی خزمەتگوزارییە ئاینییەکان:** مەبەست لی زانینی توانستی خزمەتگوزارییە ئـاینییەکـانە، بۆ ئەم مەبەســـتەش هەریەک لە پێوەری (دانیشـــتوان بەرامبەر بە ژمـارەی خزمەتگوزارییەکان و هەڵســـەنگاندنی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکان) بە پێی پێوەری ئاماژە بۆ کراو لەخوارەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوەو و کەموکورتییەکانیان دەستنیشان کراوە:-

**أ- پێوەری دانیشـــتوان بەرامبەر بە ژمارەی خزمەتگوزارییەکان:** مەبەســـت لێ زانینی ژمارەی خزمەتگوزارییەکانە بەرامبەر بە دانیشـــتوان، بە جۆرێک بە پێی پێوەری پلاندانـانی هەرێمی کوردستان بۆ یەک خزمەتگوزاریی ئایینی وەک (مزگەوتی هەینی (الجامع) و (مزگەوت(المسـجد) بەرامبەر بە (5000)هەزار لە ژمارەی دانیشتوان دیاری کراوە (عبو،2020،ص569)، بە سـەیر کردن لە خشـــتەی (7) تێبینی ئەوە دەکەین، کەوا ژمـارەی (مزگەوتەکانی هەینی و مزگەوت) خۆی لە (15) دانە دەبینێتەوە. هەڵبەتە ئەم ژمـارەیەش بەراورد بە پێوەری پلانـدانـان (11) خزمەتگوزاری زیادە، ئەمەش بە خاڵێکی یەکجار باش دادەنرێت و دەست گەیشتنی هاووڵاتییان بەم خزمەتگوزاریانە زۆر ئاسانە. هەرچی تایبەتە بە خزمەتگوزاری (هۆڵی بۆنەکان و سەنتەری

لەبەرکردنی قورئان و تەکیە) ئاماژە بە پێوەرێکی دیاری کراو نەدراوە، هەر بۆیە باس نەکراوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە.

**خشتەی (7) ژمارەی خزمەتگوزاریی ئایینی و دانیشتوان و هەڵسەنگاندنیان**

| خزمەتگوزاریی ئایینی | ژمارەی خزمەتگوزاری | ژمارەی دانیشتوان | پێویستی | بارودۆخ |
|---|---|---|---|---|
| مزگەوتی هەینی (الجامع) | 12 | 27450 | 6 | 11 خزمەتگوزاریی زیادە |
| مزگەوت (المسجد) | 3 | | | |
| کۆی گشتی | 15 | | | |

سەرچاوە: امیر قادر عزیز (2013) هەڵسەنگاندنی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی ئایینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا. پشتبەست بە زانیارییە بەدەست هاتووەکانی ناوچەکە.

**ب- پێوەری ڕووبەر:** ئەم پێوەرە مەبەست لێی دەستنیشان کردنی ڕووبەری خزمەتگوزارییە ئایینییەکان و بەراورد کردنیانە بە پێوەرەکانی پلاندان، چونکە هەر یەک لەم خزمەتگوزاریانە بە پێی پێوەر ڕووبەرێکی دیاری کراوی بۆ دەستنیشان کراوە، و هەر کەموکورتییەک لە ڕووبەری ئەم خزمەتگوزاریانە بەواتای لاوازی لە جێبەجێ کردنی پلاندانان دێت لە کاتی بنیاتنانیاندا، پێویستە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزریتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بە پێی پێوەری پلاندانانی هەرێمی کوردستان-وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕووبەری (2000 م$^2$) بۆ (مزگەوتی هەینی (الجامع) و (1200م$^2$) بۆ مزگەوت (المسجد) دیاری کراوە (عزیز،2013،ل126).

بە سەیر کردن لە خشتەی (7) بۆمان بە دیار دەکەوێت، کەوا لە کۆی (12) مزگەوتی هەینی (الجامع) ڕووبەری 5 دانەیان کەمترە لە پێوەر، ئەوانیش هەر یەک لە مزگەوتەکانی هەینی ( نور، گوندی شاوێس، گوندنی کەلەکین، حاجی زیاد، خەیلانی) دەگرێتەوە. گشت مزگەوتەکانی تری هەینی ڕووبەریان زیاترە لە پێوەر، ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ئەم خزمەتگوزاریانە لە ناوچەکەدا. هەڵبەتە بچوکی ڕووبەری مزگەوتەکانی هەینی ناوبراو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا لە لایەک ژمارەی مزگەوتەکانی ئەم جۆرە لە ناوچەی توێژینەوە زیاترە لە پێوەر و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی هەبوونی بچوکی ڕووبەری ئەو پارچە زەویەی تەرخان کراوە بۆ بنیاتنانیان، کە زۆر جار لە لایەن کەسێکی خێرخواز بنیاتنراوە، بەشێکی زۆریان ئارەزووی ئەوەیان هەیە ناوی مزگەوتەکەش هەر بە ناوی خۆیان بکەن. کە ئەم دیاریدەیەش لە ناوچەی توێژینەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەدی دەکرێت.

هەرچی تایبەتە بە ڕووبەری مزگەوت (المسجد) بە سەیر کردن لە خشتەکەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کەوا لە کۆی سێ مزگەوت دوو مزگەوتیان لەوانەش مزگەوتی ( سەلام و سارا خاتوون) ڕووبەریان لە پێوەری دیاری کراو کەمترن. هەڵبەتە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،

کەوا وا وێنە کراوە، کە تەنها نوێژە فەرزەکان تیادا ئەنجام دەدرێت و پێوســــیتی بە ڕووبەری فراوان نییە. هەرچی مزگەوتی(بەهـارە) لەگەڵ ئەوەی ڕووبەرەکەی زیـاترە لە پێوەر، بەڵام لە ئێســــتادا تەنها نوێژەر فەرزەکانی تیادا ئەنجام دەدرێت، ڕەنگە لە ئایندەدا ئەمەش بۆ نوێژی هەینی سودی لێ وەربگرێت.

**خشتەی (7) ڕووبەری خزمەتگوزارییە ئایینییەکانی کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025، و هەڵسەنگاندنیان بە پێوەری ئاماژە بۆ کراو.**

| ژ | خزمەتگوزاریی ئایینی | ڕووبەر / م2 | باروودۆخ |
|---|---|---|---|
| 1 | مزگەوتی شێخ برایم | 3000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 2 | مزگەوتی نور | 1000 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 3 | مزگەوتی گوندی شاوێس | 500 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 4 | مزگەوتی کرێچیان | 5000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 5 | مزگەوتی حاجی محمد سۆفی | 6000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 6 | مزگەوتی سانا | 3000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 7 | مزگەوتی گەورەی شاوێس | 2750 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 8 | مزگەوتی ئاشتی | 4000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 9 | مزگەوتی گوندی کەلەکین | 1250 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 10 | مزگەوتی حاجی زیاد | 1250 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 11 | مزگەوتی حاجی نسرالدین | 4000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 12 | مزگەوتی ڕەحمە | 1500 | (کەمترە لە پێوەر) |
| ک. گشتی | 12 مزگەوت | 33250 | – |
| ژ | مزگەوت(المسجد) | ڕووبەر / م2 | باروودۆخ |
| 1 | مزگەوتی بەهار | 3500 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 2 | مزگەوتی سەلام | 750 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 3 | مزگەوتی سارا خاتوون | 350 | (کەمترە لە پێوەر) |
| ک. گشتی | 3 | 4600 | – |
| ژ | خزمەتگوزاری ئایینی | ڕووبەر / م2 | باروودۆخ |
| 1 | گۆڕستانی کەلەکین | 8000 | زیاترە لە پێوەر |
| 2 | گۆڕستانی شێخ برایم | 9500 | |
| 3 | گۆڕستانی شاوێس | 33000 | |
| ک.گشتی | 3 | 50500 | |

سەرچاوە: امیر قادر عزیز (2013) هەڵسەنگاندنی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی ئایینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا، پشتبەست بە سەرەدانی مەیدانی لە ڕێکەتی 16/15ی 2025/8

هەرچی تایبەتە بە گۆڕســـــتانەکان، ئەم خزمەتگوزارییەش پێوەرێکی دیاری کراوەی بۆ دانراوە، کە پێویســتە بەشــی دانیشــتوانی هەر ناوچەیەک بکات بۆ ماوەی 20 ســاڵ، بە ڕێژەی (1%)ی ســاڵانە لە کۆی گشــتی ژمارەی دانیشــتوان، بە جۆرێک ڕووبەری هەر گۆڕێک دەبێت (4م$^2$) بێت (عزیز،2013،ل20). ئەم پێوەرە بە پێوەرێکی لەبــار دادەنرێت بۆ پلانــدانــانی گۆڕســـــتانەکان، بە جۆرێک لە ئێســـــتادا کۆی ڕووبەری گۆڕســـــتانەکانی ناوچەی توێژینەوە (50500م$^2$) دەبێت. بەم شــێوەیە بە ســەر گۆڕســتانەکان دابەش بوونە، گۆڕســتانی شــێخ برایم (9500م$^2$) و گۆڕســـتانی کەلەکین (8000م$^2$) و گۆڕســـتانی شــاوێش کە لە هەموان گەورەترە (33000م$^2$)یە، بە جۆرێک لە ئێســـــتادا گۆڕســـــتانی شـــێخ برایم بە تەواوی پڕبوەتەوە و جێگا مردوو ناشــتن نەماوە، هەرچی تایبەتە بە دوو گۆڕســـتانەکەی تر، ئەوا لە ئێســتادا مردوو تیادا دەنێژرێت، پاڵپشت بە سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کەسێکی ناوچەکە، دەکرێت بڵێین، لە ئێســـــتادا نزیکەی 1 لە ســـەر 3ی ئەم دوو گۆڕســـتانە ڕووبەریان بەتاڵە، کە دەکاتە نزیکەی (14000م$^2$) کە نزیکەی (33%)ی کۆی ڕووبەری ئەم دوو گۆڕســـــتـانەیە، بە پێی پێوەری ناوبراو، ناوچەی توێژینەوە لە ئێستادا پاڵپشت بە قەبارەی دانیشتوانەکەی پێویستی بە نزیکەی (11000م$^2$) لە ڕووبەری گۆڕستان هەیە بۆ 20 ساڵی ئایندە، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین، ناوچەی توێژینەوە بێکێشەیە لە ڕووی دابین کردنی ڕووبەی تایبەت بە گۆڕستان بۆ 20 ساڵی ئایندە، کە ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ناوچەکە بە گشـــتی و پلانی گۆســـــتانەکان بە تایبەتی.

## چوارەم: شیکردنەوەی قورسایی ناوەندی دابەشبوونی دانیشتوان و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:-

ناوچەی قورســـایی دانیشـــتوان بە پێوەرێکی باش دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی دابەشـــبوونی دامەزراوە ئایینییەکان ئەمەش لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی تەکنیکی (Wight Center) (ســلیم و عزیز،2015م ل160)، مەبەست لێ دەستنیشان کردنی چەقی قورسایی دابەشبوونی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئایینییەکانە بە سەر ئاستەکانی قورسایی دابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچەکەدا، کە لەم ڕێگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئایا دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان بەپێی قەبارەی دابەشبوونی دانیشتوان دابەش بوونە یاخود نا، بۆ ئەم مەبەستەش ناوچەی توێژینەوە دابەش کراوە بە ســەر پێنج ئاســت لە قەبارەی دانیشــتوان، کە ئاســتی یەکەم ئەو شــوێنانە لە خۆ دەگرێت، کەوا کەمترین ژمارەی دانیشـــتوانیان لە خۆ دەگرێت و ژمارەیان کەمترە لە (500)کەس، ئاســـتی پێنجەم کە کۆتا ئەو ناوچانە لە خۆ دەگرێت، کەوا زۆرترین قەبارەی دانیشتوانی تیادایە و ژمارەکەیان لە (2000) کەس زیاترە.


به تێروانین له خشـــتەی (8) و نەخشـــەی (6) تێبینی ئەوە دەکەین، ئاســـتی پێنجەم، ئەو ناوچانەیە، کە ژمارەی دانیشـــتوانیان بەرزە و لە (2000) کەس زیاترە، (9) خزمەتگوزاری لە خۆ دەگرێت. هەرچی ئاســـتی چوارەمە، ئەوەش بە ئاســـتی بەرزی دانیشـــتوان ناو دەبرێت، کە ژمارەی دانیشـتوانی لە نێوان (1501–2000) کەسـە، (10) خزمەتگوزاری تیادا بەدی دەکرێت. هەرچی تایبەتە بە ئاســتی سـێیەم، کە بە ئاســتی مامناوەند دادەنرێت، تەنها (1) خزمەتگوزاری بوونی هەیە. هەرچی ئاستی دووەم و یەکەمە، کە بە ئاستی نزمی قەبارەی دانیشتوان ناسراون، هیچ خزمەتگوزارییەکی ئایینی تیادا بەدی ناکرێت. لە شـــیکردنەوەی هەموو ئەمانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دابەشـــبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ناوچەی توێژینەوە تا ڕادەیەکی زۆر پاڵپشت بە قەبارەی دانیشتوان بووە لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی کۆمەڵگاکە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کەوا ڕەچاوی ئاسانی دەست گەیشتن بەو خزمەتگوزاریانە کراوە و دانیشتوان بە ئاسانی دەستیان پێی دەگات، ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ناوچەی توێژینەوە.

**خشتەی (8) ئاستی قەبارەی دانیشتوان و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان بۆ ساڵی 2024**

| ژمارە | ئاست/ ژ. دانیشتوان | ژمارەی خزمەتگوزاری |
|---|---|---|
| 1 | ئاستی یەکەم/ کەمتر لە 500 | 0 |
| 2 | ئاستی دووەم/ 500 – 1000 | 0 |
| 3 | ئاستی سێیەم/ 1001 – 1500 | 1 |
| 4 | ئاستی چوارەم/ 1501 – 2000 | 10 |
| 5 | ئاستی پێنجەم/ زیاترلە2000 | 9 |
| کۆی گشتی | | 20 |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شاوێس.

**نەخشەی(6) سەنگی قورسایی دانیشتوان و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**




سەرچاوە: کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولی (kriking) لەچوارچێوەی پرۆگرامی ArcGIS، پشتبەست بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان.

**ئەنجام :**

1- کۆمەڵگای شاوێس تا ڕادەیەکی زۆر باش بێکەموکوڕییە لە ڕووی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان.

2- ژمارەی مزگەوتی هەینی و مزگەتەکانی ناوچەی توێژینەوە زیاترن لە پێوەر.

3- دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە سەر زۆربەی گەڕەکەکانی کۆمەڵگاکە دابەش بوونە.

4- ڕووبەری بە شێک لە مزگەوتەکانی هەینی بچوکترن لە پێوەر.

5- بوونی ڕووبەری پێویست بۆ گۆڕستان لە ناوچەکەدا بۆ 20 ساڵی ئایندە بەردەستە.

**ڕاسپاردە:**

1- بەردەوام گرنگی دان بە خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ئایندەدا، چونکە لەگەڵ گەشەی دانیشتوان خواست لە سەر برو جۆری خزمەتگوزارییە ئایینییەکان زیاتر دەبێت.

2- فراوان کردنی ڕووبەری ئەو مزگەوتانەی کەوا ڕووبەریان بچوکترە لە پێوەر.
3- جیاکردنەوەی هۆڵی بۆنە ئایینییەکان لە ناو حەرەمی مزگەوتەکان، چونکە کارئاسانی زیاتر دەکات بۆ هاووڵاتییان.

**لیستی سەرچاوەکان:**


**یەکەم ـ سەرچاوە کوردییەکان:**

1- امیر قادر عزیز،(2013) هەڵسەنگاندنی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی ئایینی لە شاری هەولێر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا .
2- باسم قاسم سلێمان گۆران،(2022) شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاری ئایینی لە شاری بەردەرەش بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا .
3- هیوا صادق سلیم و امیر قادر عزیز،(2015)، تایبەتمەندیە جوگرافیەکانی دابەشبوونی مزگەوتەکانی شاری کۆیە بەبەکارهێنانی تەکنیکەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

1- عبدالكريم منصور الجدبه، الخدمات الدينية في محافظة عزة، رساله ماجستير(غير منشورة)، جاميعة الاسلامية-عزة، كلية الأداب، قسم الجغرافية، فلستين .
2- مزگین محمد حسن عبو،(2020)، التقيم الجغرافية لخدمات المساجد في مندية دهۆک، مجلة جامعة دهۆک، المجلد23، الحدد2 (العلوم الانسانية و الاجتماعية)ص563-575 .
3- محمد صلاح مصطفى أبو صلاح،(2016) التحليل المكانى للخدمات التعليمية والصحية في محافظة طوباس، رساله ماجستير(غيرمنشوره)، جاميعة بيرزينت، فلسطين .
4- ميسون محيي هلال سرحان العقيلي،(2003)، أثر المسجد الجامع على المشهد الحضري للمدينة، اطروحه دکتۆراه(غيرمنشورة)، معهد العالي للتخطيط الحضري والاقليمي .

**سێیەم: دامودەزگا میریەکان**

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، (2025)،( وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شاوێس .
2- وزارة التخطيط، هيئة التخطيط الأقليمي، قسم السكان و المستوطنات البشرية، أسس و معايير بناء مباني الخدمات العامة بغداد .

**چوارەم: سەرچاوەکانی تر (چاوپێکەوتن).**

7- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (یاسـین محمد امین)، توێژەری ئایینی، بڕوانامەی بەکالۆریوس لە زانستی ئیسلامی).

# التحليل الجغرافي للتوزيعات الخدمات الدينية في (المجتمع شاويس) باستخدام نظم المعلومات الجغرافية(GIS)

**الملخص**

تعتبر الخدمات الدينية من أبرز الخدمات المقدمة للسكان في أي مجتمع ومدينة، لأن هذه الخدمات ترتبط ارتباطا مباشرا بحياة الإنسان، وخاصة في المجتمعات الإسلامية، وتعتبر عاملا أساسيا لتنمية أي مجتمع، وهو نوع الأنشطة الدينية التي تمثلها المؤسسات الدينية، والتي تشمل الجامع، والمسجد، وقاعة المناسبات الدينية، والتكية، ومركز تحفيظ القرآن، و مقبرة.

الغرض من هذه الدراسة هو تحليل خصائص موقع الخدمات ووظيفتها، مع تحديد أوجه القصور وإيجاد الحلول المناسبة لها. ولتحقيق الهدف ينقسم البحث إلى أربعة محاور رئيسية: في المحور الأول يتم مناقشة مفهوم الخدمات و المنطقة الدراسة وفي المحور الثاني يتم شرح التوزيع الجغرافي لخصائص توزيعها وفي المحور الثالث يتم مناقشة تقييم موقع ووظيفة الخدمات وفي المحور الرابع، تمت مناقشة الوزن ومناقشة وزن مركز التوزيع السكاني وتوزيع الخدمات وخلصت الدراسة إلى أن منطقة الدراسة لم يكن بها أي قصور من حيث عدد الخدمات الدينية مثل الجامع والمساجد بل عدد الخدمات الدينية كان أعلى بكثير من المقياس.

**الكلمات المفتاحية:** التحليل، الخدمات، الدينية، الجامع ومسجد، GIS

## پێشەكی:-

خزمەتگوزاریی ئـایینی لەو خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە کەوا پێویســـتە بۆ تـاکەکـانی هەر کۆمەڵگایەک فەراهەم بکرێت، چونکە ڕادەی پێشـکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک پەیوەسـتە بە ڕادەی خزمەتگوزارییەکان بە گشــــتی و لە نێویاند خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتی و ڕادەی بوون و توانســـتی ئەو خزمەتگوزاریانە بە شـێوەیەک کە گونجاو بن لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانان (الجدبە،2016،ص2)، کە مەبەست لیێان جۆری ئەو چالاکییە ئایینیانەن کە لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانەوە پێشـکەش دەکرێن، کە ئەوانیش بریتین لە (مزگەوت (مصـلى)، مزگەوتی هەینی(جـامع)، هۆڵی بۆنە ئـایینییەکـان، تەکیە، ســـەنتەری لەبەرکردنی قورئـان، گۆڕســـتان)، ئامانج لەم توێژینەوەیە شـیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی دابەشـبوونی شـوێنی و وەزیفی خزمەتگوزارییە ئـایینییەکـانە، لەگەڵ زانینی ئـاراســـتە و شــــێوازی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵگاکەدا، و دەســـتنیشـــان کردنی کەموکوڕییەکانیان، بە مەبەســـتی

لەبەرچاو گرتنیان لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان لە کاتی دانانی هەر پلانێک، کە مەبەستی بۆ بەرووپێش بردنی شارەکە دادەڕێژرێت.

**گرنگی توێژینەوە:** زانینی کێشەی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ڕووی شوێنی و وەزیفی لە کۆمەڵگاکەدا، هەڵسەنگاندنیان بە بەراورد بە پێوەرەکانی پلاندانان بەهایەکی گرنگی هەیە، چونکە خزمەتگوزارییەکان بە گشتی وخزمەتگوزارییە ئایینییەکان بە تایبەتی یەکێکن لە کەرتە گرنگەکان و ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشخستنی کۆمەڵگا و زیندوو ڕاگرتنیدا هەیە، سەرهەڵدانی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان، هەروەها گەشەی دانیشتوان و فراوان بوونی شارەکەش پێویستی بەوە هەیە، کەوا لە توێژینەوەیەکی لەم شێوەیەدا باسیان لێوە بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوە:** هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگاکەدا بە مەبەستی زانینی پێداویستییەکانی ئێستا و ئایندەی دانیشتوانە، کە ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی شێوازەکانی دابەش بوون و هەڵسەنگاندنی لایەنی شوێنی و وەزیفی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ڕێگەی کاری مەیدانی و بەراورد کردنیان بە پێوەرەکانی پلاندانان و دەرخستنی کەموکورتییەکانیان.

**گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی ئەم توێژینەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شێوازی دابەش بوونی مزگەوتەکان پشتی بە بنەما و پێوەرەکانی پلاندانان نەبوەستووە لە کاتی بونیادنانیان، لەگەڵ درک کردن بە هەبوونی کەموکوڕی لە لایەنی شوێنی و وەزیفی ئەم خزمەتگوزاریانە.

**سنوری توێژینەوە:** خۆی لە سنوری شارەوانی کۆمەڵگای شاوێس دەبینێتەوە، لە ڕووی کارگێرییەوە سەر بە ناحیەی کەسنەزان و قەزای بنەسلاوەیە، کە بارودۆخی کۆمەڵگاکە ڕوون دەکاتەوە بۆ ساڵی (2024–2025) بە پێی نەخشەی بنەڕەتی کۆمەڵگاکە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی و شیکاری) بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان و شیکردنەوەی توانستی شوێنی و وەزیفی، بۆ ئەم مەبەستەش سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە.

## یەکەم: ناساندنی چەمک و زاراوەکان و ناوچەی توێژینەوە:

**1- ناساندنی چەمک و زاراوەکان:** بابەتی توێژینەوە کە خۆی لە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری ئایینی دەبینێتەوە، هەڵبەتە لێرەدا باس لە کۆمەڵگایەکی موسڵمان دەکەین، بە مەبەستی تێگەیشتن لە جۆراوجۆری خزمەتگوزارییەکان لە خوارەوە باسیان دەکەین:-

**أ- مزگەوتی هەینی (الجامع):** بریتییە لەو مزگەوتانەی کە نوێژی هەینی و نوێژی هەر دوو جەژن و نوێژەکانی تریان تیادا ئەنجام دەدرێت و شوێنی مینبەر لەخۆدەگرێت

(العقیلی،2003،ص13)، مزگەوتی هەینی سەنتەری سەنگی قورسایی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا و دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاریی دەروونی و فکرییە، ژیانی کۆمەلایەتی و شار ڕێک دەخات، کە بەشێکە لە کۆمەڵگا و پێداویستییەکانی دانیشتوان دابین دەکات (عزیز،2013،ل8)

**ب- مزگەوت ( المسجد):** بریتییە لە شوێنی پەرستش و پاڕانەوەی موسڵمانان، هەروەها دامەزراوەیەکی ئایینی و کۆمەلایەتی و پەروەردەییە و لە گرنگترین خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەژمێردرێت بۆ موسڵمانان. ئەمەش لەبەر ئەوەی سەنتەرێکە بۆ بلاوبوونەوەی ئایین و شوێنێکیشە ڕۆژانە موسلمانان بە گشتی پێنج جار سەردانی دەکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان و پەرستنی خودای گەورە ( الجدبە،2016،ص8)

**پ- هۆڵی بۆنەکان (قاعە المناسبات الدینیة):** مەبەست لێی ئەو هۆلانەن بۆ مەبەستی ئایینی و بەڕێوەچوونی بۆنە ئایینییەکان بەکاردێت، وەک ڕۆژی تازیە لە کاتی کۆچی دوایی کەسەکان و زۆرجاریش هۆڵی بۆنە ئایینییەکان بۆ ئەنجامدانی مەولود و شیرینی خواردنی ڕۆژی مارە برین بەکاردێت.

**ت- تەکیە (تکیە):** تەکیە، رباط، زاویە، خانەقا، ئەمانە وشەی هاوواتا و لە بری یەکتر بەکاردێن، بە جۆرێک بەو دامەزراوە ئایینیانە دەوترێت، کە لە هەرێمە موسڵمانەکان بوونیان هەیە، کە ماڵێکی تایبەت بە چین و توێژێکی دیاریکراو و ناسراو بە (دەروێش) تیایدا کۆدەبنەوە بۆ پەرستش و خەلوە و دابڕان، وەکو زیندوو کردنەوەی یادەوەرییەکان و ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) لە سەر بێت (عزیز،2013،ل9).


**ج- سەنتەری لەبەرکردنی قورئان (مرکز تحفیذ القرئان)**: بریتییە لەو شوێنەی بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بنیاتنراوە، کە لە لایەن خێرخوازان یان لایەنکی حکومی یان حیزبی بەڕێوە دەبردرێت و فێرخوازان فێری قورئان خوێندن و لەبەرکردنی قورئان دەبن، لە لایەن کەسانی ئایینی شارەزا وەک مەلا یان فەقێ سەرپەرشتی دەکرێن و زۆر جاریش خولی پێشبڕکێی لەبەرکردنی قورئان تیادا بەڕێوە دەچێت و لە کۆتایشدا بڕوانامە بە بەشداربووان دەبەخشرێت. (مەلا یاسین محمد امین، چاوپێکەوتن) .

**ج- گۆڕستان(المقبر):** وشەی گۆڕستان بەرامبەر وشەی قەبرستانە، لە وشەی قەبر وەرگیراوە، بریتییە لە شوێنی ناشتنی مردوو، شوێنێکە بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە دەرەوەی ناوچە ئاوەدانییەکان یان هەر شوێنیکی بەتاڵ یان لە سەر شوێنە بەرزەکان بە مەبەستی پاراستنیان لە ڕووداوە سروشتییەکانی وەک لافاو. بە گشتی دانیشتوان لە ڕۆژانی بۆنە ئایینییەکان و پشوەکاندا سەرەدانی دەکەن بە مەبەستی نزا کردن و پاڕانەوە لە خوای گەورە بۆ مردووەکان، لە کاتی ئێستاشدا گۆڕستانەکان پانتاییەکی گەورە لە نیشینگەکان داگیر دەکەن (گۆران، 2022،ل18).

## 2- ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

کۆمەڵگای شـــاوێس ســـەر بە ناحیەی کەســـنەزان و قەزای بنەســـڵاوەیە، لە ڕووی شـــوێنی ئەســـــترۆنۆمییەوە کەوتۆتە نێوان هەر دوو بازنەی پانی ("50 '15 °36 و "10 '14 °36)ی باکور و هەر دوو هێڵی درێژی ("20 '60 °44 و "20 '40 °44)ی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی، لە ڕووی ڕووبەرەوە کۆمەڵگای شاوێس نزیکەی (314.2)هکتارەیە، ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی 2024 خۆی لە (27450)کەس دەبییوەتەوە، لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە کۆمەڵگای شاوێس دەکەوێتە نێوان شـــەقامی 120 مەتر و 150 مەتری لە بەشـــی باکوری ڕۆژهەڵاتی شـــاری هەولێر، بەو پێیەش لە شـــوێنیکی گرنگی شـــاری هەولێر هەڵکەوتووە، هاوکات شـــاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردســـتانە و گەورەترین شـــاری ئەم هەرێمەیە، کە تا ڕادەیەک دەکەوێتە ناوەڕاستی پارێزگای هەولێر و بەشی باکوری وڵاتی عێراق، نەخشەی(1).

**نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی کۆمەڵگای شاوێس**



ســـەرچاوە: کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ArcGIS، بە پشـــتبەســـتن بە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، وەزارەتی پلاندانان، هۆبەی GIS، و وەزارەتی شـــارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی شـــارەوانی کۆمەڵگای شاوێس.

**دووەم: دابەشـــبوونی جوگرافی و ئاراســـتەی و شـــێوازەکانی دابەشـــبوونی خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە ناوچەی توێژینەوە:-** لێکۆلینەوە لە دابەشبوون نزیکترین بابەتە لە زانستی جوگرافیا، هەر بۆیە بە خاڵی دەستپێک دادەنرێت لە توێژینەوە جوگرافییەکاندا

(سـلیم و عزیز،2015،ل148)، بۆ ئەم بەمەسـتەش لە خوارەوە باس لە دابەشـبوونی خزمەتگوزارییە ئایینیەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەین:-

**1- دابەشـبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:** بە سـەیر کردن لە خشـتەی(1)و نەخشەی(2) بۆمان بە دیار دەکەوێت، کەوا (15) مزگەوت لە ناوچەی توێژینەوە بەدی دەکرێت، لە نێویشـیاندا تەنیا (3) خزمەتگوزاریان لە جۆری مزگەوت (المسـجد)ە و بە سـەر 12 گەڕەکی کۆمەڵگاکەدا دابەشـبوونە، بە جۆرێک گوندی کەلەکین کە لە ئێسـتادا بووەتە گەڕەکێک لە کۆمەڵگای شـاوێس بە پلەی یەکەم دێت، کە (2) مزگەوتی هەینی و (1) مزگەوت تیادا بەدی دەکرێت، ئەوەش دەکاتە (20%)ی کۆی مزگەوتەکانی ناوچەی توێژینەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئەم گوندە ژمارەی دانیشـتوانی زۆرە و ڕووبەرێکی فراوانی هەیە بەراورد بە گەڕەکەکانی تر، هەرچی تایبەتە بە گەڕەکەکانی تر بۆ هەر یەکێکیان مزگەوتێک لەخۆدەگرێت، جگە لە گەڕەکەکانی (سـەفین، هەنگ سـتی) هیچ جۆرە مزگەوتێک تیادا بەدی ناکرێت، هۆکاری ئەمەش لە لایەک بۆ بچوکی گەڕەکەکان و لە لایەکی تر بە هۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانی ئەم دوو گەڕەکە و نزیکی مزگەوتی گەڕەکەکانی تر لێیان وایکردووە کە تا ئێستا هیچ مزگەوتێکی تیادا دروست نەکرابێت.

هەرچی تایبەتە بە خزمەتگوزارییەکانی تری ئایینی وەک (سـەنتەری لەبەرکردنی قورئان و تەکیە) دەکەونە گەڕەکی 26ی گولان، هەروەها (3) گۆڕسـتان لە ناوچەی توێژینەوە بەدی دەکرێت، بە جۆرێک (گۆڕستانی شێخ برایم) دەکەوێتە گەڕەکی ڕاپەڕین و گۆڕستانی کەلەکین دەکەوێتە سنوری گەڕەکی کەلەکین و گۆڕستانی شاوێس کە لە هەموان گەورەترە دەکەوێتە دەرەوەی سـنوری شـارەوانی بە دیارکراویش دەکەوێتە بەشـی باشـوری کۆمەڵگاکە، کە هاوسـنورە لەگەڵ گەڕەکی شـاوێسـی نوێ و ئازادی. دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەکی باش خزمەتگوزارییە ئایینییەکان بە سـەر کۆمەڵگاکە بڵاوبنەتەوە، کە ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت و بە ئاسانی دانیشتوانی گەڕەکەکان دەستیان پێ دەگات. ئەوەی تایبەتە بە (هۆڵی بۆنەکان) دەکرێت بڵێین گشـت مزگەوتەکانی ناوچەی توێژینەوە لە کاتی پێویسـت وەک هۆڵی بۆنە ئایینییەکان بەکاردێن بە تایبەتی بۆ پرسـە دانان، هەر بۆیە شـوێنەکانمان دەسـتنیشـان نەکردووە و هەڵسەنگاندنمان بۆ نەکردوون، چونکە بەشێکە لە ڕووبەری گشتی مزگەوتەکان.


**خشتەی(1) دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**

| ژ | خزمەتگوزاریی ئایینی | جۆر | گەڕەک |
|---|---|---|---|
| 1 | مزگەوتی بەهار | مزگەوت (مسجد) | بەهاری نوێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2 | مزگەوتی نور | مزگەوتی هەینی(الجامع) | گوندی شاوێس |
| 3 | مزگەوتی گوندی شاوێس | مزگەوتی هەینی(الجامع) | |
| 4 | مزگەوتی کرێچیان | مزگەوتی هەینی(الجامع) | شاوێسی نوێ |
| 5 | مزگەوتی حاجی محمد سۆفی | مزگەوتی هەینی(الجامع) | قەرەبونی شاوێسی نوێ |
| 6 | مزگەوتی سانا | مزگەوتی هەینی(الجامع) | سانا ستی |
| 7 | مزگەوتی گەورەی شاوێس | مزگەوتی هەینی(الجامع) | نەورۆز |
| 8 | مزگەوتی ئاشتی | مزگەوتی هەینی(الجامع) | ئاشتی |
| 9 | مزگەوتی گوندنی کەلەکین | مزگەوتی هەینی(الجامع) | گوندنی کەلەکین |
| 10 | مزگەوتی حاجی زیاد | مزگەوتی هەینی(الجامع) | |
| 11 | مزگەوتی سەلام | مزگەوت (مسجد) | |
| 12 | مزگەوتی سارا خاتوون | مزگەوت(مسجد) | 11ی ئەیلول |
| 13 | مزگەوتی شێخ برایم | مزگەوتی هەینی(الجامع) | ڕاپەڕین |
| 14 | مزگەوتی حاجی نسرالدین | مزگەوتی هەینی(الجامع) | ئازادی |
| 15 | مزگەوتی ڕەحمە | مزگەوتی هەینی(الجامع) | کەرتی 85ی کەلەکین |
| ک. گشتی | 15 مزگەوت | 12 جامع و 3 مسجد | 11 گەڕەک |
| ژ | خزمەتگوزاریی ئایینی | گەڕەک | |
| 1 | سەنتەری لەبەرکردنی قورئان | 26ی گوڵان | |
| 2 | تەکیەی شاوێس | ڕاپەڕین | |
| ژ | خزمەتگوزاریی ئایینی | | گەڕەک |
| 1 | گۆڕستانی کەلەکین | گوندنی کەلەکین | |
| 2 | گۆڕستانی شیخ برایم | ڕاپەڕین | |
| 3 | گۆڕستانی شاوێس | نزیک گەڕەکی شاوێسی نوێ و ئازادی | |
| ک.گشتی | 3 گۆڕستان | 2 گەڕەک | |

سەرچاوە: کارت تویژەر پشت بە سەرەدانی مەیدانی لە ڕێکەوتی 16/15ی 2025/8

نەخشەی (2) دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی2025




سەرچاوە: کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ArcGIS، پشتبەستن بە سەردانی مەیدانی توێژەر و بەکارهێنانی Google Earth بۆ دەستنیشان کردنی شوێنی خزمەتگوزارییەکان.

## 2- ئاراستەی و شێوازەکانی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:-

**أ- ناوەندی شـــوێنی (Centre Mean) خزمەتگوزارییە ئایینییەکان :** پاش جێبەجێ کردنی تەکنیکی ناوەندی شـــوێنی (Mean Centre) بە ســـەر خزمەتگوزارییە ئایینییەکانی ناوچەی توێژینەوە ئەنجامەکەی لە خشتەی (2) و نەخشەی (3)دا بە دیار دەکەوێت، کە ناوەندی شوێنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان کەوتوەتە ســـەر خاڵی ناوەندی شـــوێنی ناوچەی توێژینەوە کە دەکەونە ســـەر ســـنوری نێوان گەڕەکی ئاشـــتی و گەڕەکی ئازادی. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کەوا دابەشـــبوونی خزمەتگوزارییەکـــان بە دەورەی خـــاڵی نـــاوەنـــدی شـــــوێنی خزمەتگوزارییە ئـایینییەکـان دابەشـــبوونە بە شـــێوەیەکی فراوان، چونکە ڕووبەری بـازنەی ئاراســـتەی دابەشـــبوون (155 هکتارە) کە دەکاتە زیاتر لە (49%)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە سەر گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە.

### خشتەی (2) ئەنجامی ناوەندی شوێنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025

| خزمەتگوزاری | بەهای (X) | بەهای (Y) | ناوەندی شوێنی |
|---|---|---|---|
| خزمەتگوزارییە ئایینییەکان | 418227.7 | 4011841.3 | گەڕەکی ئازادی وگەڕەکی ئاشتی |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە بنکەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێ کردنی تەکنیکی ناوەندی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc GIS) .


**ب- ئاراستەی دابەشبوون (Direction Distribution)ی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:** پاش جێبەجێ کردنی تەکنیکی ئاراستەی دابەشبوون بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان، ئەنجامەکەی لە خشتەی (3) و نەخشەی (3) دەردەکەوێت، کە ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان شێوەی هێلکەیی وەرگرتووە، کە ناوەندی شێوە هێلکەییەکە شوێنی ناوەندییە (Mean Centre)، ئەم شێوازەش شێوەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکانی ناوچەی توێژینەوە پیشان دەدات، تا ڕادەیەک لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵات بۆ بەشی باشور ڕۆژئاوا هەڵکەوتووە، بە جۆرێک (11) خزمەتگوزاری کە دەکاتە (55%)ی خزمەتگوزارییەکان لە کۆی (20) خزمەتگوزاری دەکەوێتە ناو بازنەی ئاراستەی دابەشبوون، و پلەی سوڕانەوەی (46.6) پلەیە لە ئاراستەی باکور بۆ بەشی ڕۆژهەڵات، ئەمەش بۆ هەڵکەوتەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە، کە تا ڕادەیەک ئاراستەی فراوان بوونی ئاوەدانی بۆ بەشی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات بووە، ئەمەش کاریگەری لە سەر چۆنیەتی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان هەبووە لە ناوچەکەدا.

### خشتەی (3) ئەنجامی ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025

| خزمەتگوزاری | بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون | | | ژ. خزمەتگوزارییەکان | ژ. خزمەتگوزارییەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە | ڕێژەی (%) خزمەتگوزارییەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە | ئاراستەی دابەشبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەهای (X) | بەهای (Y) | پلەی سوڕانە | | | | |
| خزمەتگوزارییە ئایینییەکان | 418227.7 | 4011841.3 | 46.6 | 20 | 11 | 46.6 | باکوری ڕۆژهەڵات بۆ باشوری ڕۆژئاوا |

**سەرچاوە**: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە بنکەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێ کردنی تەکنیکی ئاراستەی دابەشبوون بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc GIS) .

**نەخشەی (3) ناوەندی شوێنی و ئاراستەی دابەشبوون و دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**



**سەرچاوە:** کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولەکانی ( Mean Center, Direction, Standard Distance)، لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc GIS)، پشتبەست و پاڵپشت بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان.

**پ- دووری پێوانەیی (Standard Distance)ی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:** پاش جێبەجێ کردنی تەکنیکی دووری پێوانەیی بە سەر خزمەتگوزارییە ئایینییەکان، ئەنجامەکەی لە خشتەی (4) و نەخشەی (3) بە دیار دەکەوێت، کە خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە دابەشبوونیاندا بە دەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی سروشتی دەچێت، بە گوێرەی ئەنجامی دووری پێوانەییەکەیان، کە نزیکە لە ڕێژەی سروشتییەوە، بە جۆرێک (65%)ی خزمەتگوزارییەکان کەوتووەتە نێو بازنەکەوە و نیوە تیرەی دووری پێوانەییەکەی دەگاتە نزیکەی ( 767.4م)، ڕووبەری بازنەکەی دەگاتە نزیکەی (185.2 هکتار)، کە بە ڕێژەی نزیکەی (60%)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت، پاڵپشت بە هەموو ئەمانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین تا ڕادەیەک دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ناوچەی توێژینەوە شێوازێکی سروشتی وەرگرتووە و بە سەر زۆربەی بەشەکانی کۆمەڵگاکە دابەشبوونە، پاڵپشت بەو یاسایەی کە دەڵێت: ئەم بازنەیە ئەگەر ( 68.27% ) توخمەکانی دیار دەکەی لەخۆ گرتبێت، ئەوا توخمەکانی ئەو دیاریدەیە بە شێوەیەکی سروشتی دابەشبووە، جگە

لەمە هەر جۆرە دابەشـــبوونێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە (ســـلیم و عزیز،2015،ل153)، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونی پلاندانانمان پیشـــان دەدات لە بنیاتنان و دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان، هەڵبەتە ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ناوچەکە.


**خشتەی (4) ئەنجامی دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**

| خزمەتگوزاری | بەهای (X) | بەهای (Y) | ژ. خزمەتگوزاری | ژ.خ. ناو بازنەی دووری پێوانەیی | دووری پیوانەیی | ڕووبەر /هکتار/ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خزمەتگوزاری یە ئاینییەکان | 418227.7 | 4011841.3 | 20 | 13 | 767.4 | 185.2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە بنکەی زانیارییە بەدەست هاتووەکان لە جێبەجێ کردنی تەکنیکی دووری پێوانەیی بۆ خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc GIS)

**ت- پەیوەندی نزیکتری هـاوســـێ (Nearest Neighbour Analysis) بۆ خزمەتگوزارییە ئـاییـنییەکـان:** پـاش جێبەجێ کردنی تەکنیکی هـاوکۆڵکەی نزیکترین هـاوســـێ ( Nearest Neighbour Analysis)، بۆ شـوێنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان ئەنجامەکەی لە خشـتەی (5) و شـــێوەی (1)دا دەردەکەوێت، کە بەهای پێوەری (Z- Score) بریتییە لە (3.8) ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشـــتێنەی نـاچـاری (Critical Value ) کە (2.58- تـا 2.58)ە. واتە، کەوتووەتە ناوچەی پەســـەندنەکراو بە هۆی ئەوەی ژمارەکە موجەبە بەو واتایە دێت، کەوا شـــێوازی دابەش بوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ناوچەی توێژینەوە شـــێوازێکی لە یەک دووری وەرگرتووە، هەروەها نرخی شیکردنەوەی پەیوەندیی هاوسێیەتی گەیشتووەتە (1.45)، ئەمەش بەڵگەیە لە ســـەر ئەوەی شـــێوازی دابەش بوونەکەیان شـــێوازێکی لە یەک دووری دەنوێنێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا خزمەتگوزارییەکان تا ڕادەیەک بە ســـەر زۆربەی بەشـــەکانی کۆمەڵگاکە دابەش بوونە، هەڵبەتە ئەمەش بە خـاڵێکی بـاش دەدەنریت و دەستگەیشتن بەو خزمەتگوزاریانە لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکە ئاسانە.

## شێوەی(1) ئەنجامی پەیوەندنی نزیکترین هاوسێ بۆ خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025




**سەرچاوە**: کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ArcGIS، بە پشتبەستن بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان

### خشتە(5) بەهای نزکیترین هاوسێ و شێوازی دابەشبوونیان

| بەهای نزیکترین هاوسێ(R) | شێوازی دابەشبوون |
|---|---|
| 0.09 – 0.00 | کۆکراوەیی (متجمع) |
| 0.49 – 0.1 | لەیەک نزیکی کۆکراوەیی (متقارب عنقودي) |
| 0.99 – 0.50 | لەیەک نزیکی هەرەمەکی(متقارب عشوائی) |
| 1.19 – 1.00 | هەڕەمەکی (عشوائی) |
| 2.149 – 1.20 | لەیەک دوور(متباعد) |

**سەرچاوە**: محمد صلاح مصطفى أبو صلاح، التحليل المكانى للخدمات التعليمية والصحية في محافظة طوباس، رساله ماجستير(غيرمنشوره)، جاميعة بيرزينت، فلسطين،2016، ص29 .

## سێیەم: هەڵسەنگاندنی توانستی شوێنی و وەزیفی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:-

**1- توانستی شوێنی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان(Buffer):** مەبەست لێی دەستنیشان کردنی خاڵی کۆتایی دووری ئەو خزمەتگوزارییەیە, کەوا خزمەتگوزارییەکە پێ دەگات، بە پێی پێوەری پلاندانانی هەرێمی کوردستان- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئەو دوورییە بۆ ( مزگەوتی هەینی(الجامع) 500م و بۆ (مزگەوت(مسجد) 250م دیاری کراوە (عزیز،2013،ل108). لە خوارەوە پشتێنەی کاریگەری بۆ هەر یەک لەم دوو خزمەتگوزارییە دەستنیشان دەکەین و شیکردنەوەی گونجاویان بۆ هەڵسەنگاندن بۆ باوردۆخی ناوچەکە دەکەین، بەم شێوەی خوارەوە:-


**أ- مزگەوتی هەینی (الجامع):** بە سەیر کردن لە خشتەی (6) و نەخشەی (4) بۆمان بە دیار دەکەوێت، کەوا پشتێنەی ئەم خزمەتگوزارییە تا ڕادەیەک تەواوی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوەی داپۆشیوە و بە ناویەک داچوونێکی زۆر تیادا ڕوویداوە، ئەمە جگە لەوەی بەشێک لە سنوری پشتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزاریانە لە چەند لایەکەوە سنوری ناوچەی توێژینەوەیان تێپەڕاندووە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا ژمارەی مزگەوتەکانی هەینی لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەیان زۆرە و بە شێوەیەکی بڵاو بە سەر گەڕەکەکان دابەش بوونە، ئەمە جگە لەوەی کەوا سنوری ناوچەی توێژینەوە بە گشتی و ڕووبەرەی گەڕەکەکان بە تایبەتی بچووکن، هەموو ئەمانە وایکردووە، کەوا هەموو بەشەکانی ناوچەی توێژینەوە بکەوێتە ژێر پشتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزاریانە، هەڵبەتە ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ناوچەکە و دەست گەیشتنی هاوولاتییان بەم خزمەتگوزارییە ئاسانە، ئەمەش بەو واتایە دێت، کەوا دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بە کەمتر لەو دوورییەی دیاری کراوە دەستیان بەم خزمەتگوزارییە دەگات.

**خشتەی(6) داتای پشتێنەی کاریگەری خزمەتگوزاری ئایینی ناوچەی توێژینەوە**

| خزمەتگوزاریی ئایینی | ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری | %ناوچەی توێژینەوە | کەموکورتی |
|---|---|---|---|
| مزگەوتی هەینی(الجامع) | 311.4 هکتار | 99.1% | کەمتر لە1% |
| مزگەوت(المسجد) | 44.7 | 14.2% | 85.8% |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەشت بە نەخشەی (4و5)، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولیBuffer لە پرۆگرامیArcGIS، پاڵپشت بە پێوەری ئاماژە بۆ کراو.


**خشتەی (4) پشتێنەی کاریگەریی مزگەوتی هەینی (الجامع) لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولەکانی(Buffer)، لە چوارچێوەی پرۆگرامی ArcGIS، بە پشتبەستن بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان

**ب- مزگەوت (المسجد):** بە سەیر کردن لە خشتەی (6)و نەخشەی (5) بۆمان بە دیار دەکەوێت، کەوا پشـــتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزارییە بە ڕووبەری (44.7 هکتار) کە دەکاتە ڕێژەی (14.2%)ی کۆی ناوچەی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت، بە شێک لە ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری هەر یەک لە مزگەوتی (سەلام و بەهار) دەکەونە دەرەوەی سنوری ناوچەی توێژینەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا ئەم دوو مزگەوتە لە ســـەر ســـنوری ناوچەی توێژینەوە هەڵکەوتوونە، هۆکاری کەمی داپۆشــینی پشــتێنەی کاریگەری ئەم خزمەتگوزارییەش بۆ کەمی ژمارەی مزگەوتەکان (المســجد) دەگەڕێتەوە. کەمی ئەم خزمەتگوزارییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەموو مزگەوتەکانی هەینی (الجامع) لە ناوچەی توێژینەوە، جگە لەوەی نوێژی هەینیان تیادا ئەنجام دەدرێت و نوێژە فەرزەکانیشـــی تیادا ئەنجام دەدرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین، ســـەرەڕای کەمی ژمارەی ئەم خزمەتگوزاریانە، بەڵام بە کەموکوڕی هەژمار ناکرێت، بە هۆی ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان لە مزگەوتەکانی هەینی (الجامع) تیایاندا.

**نەخشەی(5) پشتێنەی کاریگەریی مزگەوت (المسجد) لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**




**سەرچاوە:** کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولەکانی (Buffer)، لە چوارچێوەی پرۆگرامی ArcGIS، بە پشتبەستن بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان

**2- توانستی وەزیفی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:** مەبەست لی زانینی توانستی خزمەتگوزارییە ئایینییەکانە، بۆ ئەم مەبەستەش هەریەک لە پێوەری (دانیشتوان بەرامبەر بە ژمارەی خزمەتگوزارییەکان و هەڵسەنگاندنی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکان) بە پێی پێوەری ئاماژە بۆ کراو لەخوارەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوەو و کەموکورتییەکانیان دەستنیشان کراوە:-

**أ- پێوەری دانیشتوان بەرامبەر بە ژمارەی خزمەتگوزارییەکان:** مەبەست لێ زانینی ژمارەی خزمەتگوزارییەکانە بەرامبەر بە دانیشتوان، بە جۆرێک بە پێی پێوەری پلاندانانی هەرێمی کوردستان بۆ یەک خزمەتگوزاریی ئایینی وەک (مزگەوتی هەینی (الجامع) و (مزگەوت(المسجد) بەرامبەر بە (5000)هەزار لە ژمارەی دانیشتوان دیاری کراوە (عبو،2020،ص569)، بە سەیر کردن لە خشتەی (7) تێبینی ئەوە دەکەین، کەوا ژمارەی (مزگەوتەکانی هەینی و مزگەوت) خۆی لە (15) دانە دەبینێتەوە. هەڵبەتە ئەم ژمارەیەش بەراورد بە پێوەری پلاندانان (11) خزمەتگوزاری زیادە، ئەمەش بە خاڵێکی یەکجار باش دادەنرێت و دەست گەیشتنی هاووڵاتییان بەم خزمەتگوزاریانە زۆر ئاسانە. هەرچی تایبەتە بە خزمەتگوزاری (هۆڵی بۆنەکان و سەنتەری

لەبەرکردنی قورئان و تەکیە) ئاماژە بە پێوەرێکی دیاری کراو نەدراوە، هەر بۆیە باس نەکراوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە.

**خشتەی (7) ژمارەی خزمەتگوزاریی ئایینی و دانیشتوان و هەڵسەنگاندنیان**

| خزمەتگوزاریی ئایینی | ژمارەی خزمەتگوزاری | ژمارەی دانیشتوان | پێویستی | بارودۆخ |
|---|---|---|---|---|
| مزگەوتی هەینی (الجامع) | 12 | 27450 | 6 | 11 خزمەتگوزاریی زیادە |
| مزگەوت (المسجد) | 3 | | | |
| کۆی گشتی | 15 | | | |

سەرچاوە: امیر قادر عزیز (2013) هەڵسەنگاندنی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی ئایینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا. پشتبەست بە زانیارییە بەدەست هاتووەکانی ناوچەکە.

**ب- پێوەری ڕووبەر:** ئەم پێوەرە مەبەست لێی دەستنیشان کردنی ڕووبەری خزمەتگوزارییە ئایینییەکان و بەراورد کردنیانە بە پێوەرەکانی پلاندان، چونکە هەر یەک لەم خزمەتگوزاریانە بە پێی پێوەر ڕووبەرێکی دیاری کراوی بۆ دەستنیشان کراوە، و هەر کەموکورتییەک لە ڕووبەری ئەم خزمەتگوزاریانە بەواتای لاوازی لە جێبەجێ کردنی پلاندانان دێت لە کاتی بنیاتنانیاندا، پێویستە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزریتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بە پێی پێوەری پلاندانانی هەرێمی کوردستان-وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕووبەری (2000 م$^2$) بۆ (مزگەوتی هەینی (الجامع) و (1200م$^2$) بۆ مزگەوت (المسجد) دیاری کراوە (عزیز،2013،ل126).

بە سەیر کردن لە خشتەی (7) بۆمان بە دیار دەکەوێت، کەوا لە کۆی (12) مزگەوتی هەینی (الجامع) ڕووبەری 5 دانەیان کەمترە لە پێوەر، ئەوانیش هەر یەک لە مزگەوتەکانی هەینی ( نور، گوندی شاویس، گوندنی کەلەکین، حاجی زیاد، خەیلانی) دەگریتەوە. گشت مزگەوتەکانی تری هەینی ڕووبەریان زیاترە لە پێوەر، ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ئەم خزمەتگوزاریانە لە ناوچەکەدا. هەڵبەتە بچوکی ڕووبەری مزگەوتەکانی هەینی ناوبراو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا لە لایەک ژمارەی مزگەوتەکانی ئەم جۆرە لە ناوچەی توێژینەوە زیاترە لە پێوەر و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی هەبوونی بچوکی ڕووبەری ئەو پارچە زەویەی تەرخان کراوە بۆ بنیاتنانیان، کە زۆر جار لە لایەن کەسێکی خێرخواز بنیاتنراوە، بەشێکی زۆریان ئارەزووی ئەوەیان هەیە ناوی مزگەوتەکەش هەر بە ناوی خۆیان بکەن. کە ئەم دیاریدەیەش لە ناوچەی توێژینەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەدی دەکرێت.

هەرچی تایبەتە بە ڕووبەری مزگەوت (المسجد) بە سەیر کردن لە خشتەکەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کەوا لە کۆی سێ مزگەوت دوو مزگەوتیان لەوانەش مزگەوتی ( سەلام و سارا خاتوون) ڕووبەریان لە پێوەری دیاری کراو کەمترن. هەڵبەتە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،

کەوا وا وێنە کراوە، کە تەنها نوێژە فەرزەکان تیادا ئەنجام دەدرێت و پێوســــیتی بە ڕووبەری فراوان نییە. هەرچی مزگەوتی(بەهـارە) لەگەڵ ئەوەی ڕووبەرەکەی زیـاترە لە پێوەر، بەڵام لە ئێســــتادا تەنها نوێژەر فەرزەکانی تیادا ئەنجام دەدرێت، ڕەنگە لە ئایندەدا ئەمەش بۆ نوێژی هەینی سودی لێ وەربگرێت.

**خشتەی (7) ڕووبەری خزمەتگوزارییە ئایینییەکانی کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025، و هەڵسەنگاندنیان بە پێوەری ئاماژە بۆ کراو.**

| ژ | خزمەتگوزاریی ئایینی | ڕووبەر / م2 | باروودۆخ |
|---|---|---|---|
| 1 | مزگەوتی شێخ برایم | 3000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 2 | مزگەوتی نور | 1000 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 3 | مزگەوتی گوندی شاوێس | 500 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 4 | مزگەوتی کرێچیان | 5000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 5 | مزگەوتی حاجی محمد سۆفی | 6000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 6 | مزگەوتی سانا | 3000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 7 | مزگەوتی گەورەی شاوێس | 2750 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 8 | مزگەوتی ئاشتی | 4000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 9 | مزگەوتی گوندی کەلەکین | 1250 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 10 | مزگەوتی حاجی زیاد | 1250 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 11 | مزگەوتی حاجی نسرالدین | 4000 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 12 | مزگەوتی ڕەحمە | 1500 | (کەمترە لە پێوەر) |
| ک. گشتی | 12 مزگەوت | 33250 | - |
| ژ | مزگەوت(المسجد) | ڕووبەر / م2 | باروودۆخ |
| 1 | مزگەوتی بەهار | 3500 | (زیاترە لە پێوەر) |
| 2 | مزگەوتی سەلام | 750 | (کەمترە لە پێوەر) |
| 3 | مزگەوتی سارا خاتوون | 350 | (کەمترە لە پێوەر) |
| ک. گشتی | 3 | 4600 | - |
| ژ | خزمەتگوزاری ئایینی | ڕووبەر / م2 | باروودۆخ |
| 1 | گۆڕستانی کەلەکین | 8000 | زیاترە لە پێوەر |
| 2 | گۆڕستانی شێخ برایم | 9500 | |
| 3 | گۆڕستانی شاوێس | 33000 | |
| ک.گشتی | 3 | 50500 | |

سەرچاوە: امیر قادر عزیز (2013) هەڵسەنگاندنی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی ئایینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا، پشتبەست بە سەردانی مەیدانی لە ڕێکەتی 16/15ی 2025/8

هەرچی تایبەتە بە گۆڕســـــتانەکان، ئەم خزمەتگوزارییەش پێوەرێکی دیاری کراوەی بۆ دانراوە، کە پێویســتە بەشــی دانیشــتوانی هەر ناوچەیەک بکات بۆ ماوەی 20 ســاڵ، بە ڕێژەی (1%)ی ســاڵانە لە کۆی گشــتی ژمارەی دانیشــتوان، بە جۆرێک ڕووبەری هەر گۆڕێک دەبێت ($4م^2$) بێـت (عزیز،2013،ل20). ئەم پێوەرە بە پێوەرێکی لەبـار دادەنرێـت بۆ پلانـدانـانی گۆڕســــتانەکان، بە جۆرێک لە ئێســــتادا کۆی ڕووبەری گۆڕســــتانەکانی ناوچەی توێژینەوە ($50500م^2$) دەبێت. بەم شـێوەیە بە سـەر گۆڕسـتانەکان دابەش بوونە، گۆڕسـتانی شـێخ برایم ($9500م^2$) و گۆڕســتانی کەلەکین ($8000م^2$) و گۆڕســتانی شــاوێش کە لە هەموان گەورەترە ($33000م^2$)یە، بە جۆرێک لە ئێســــتادا گۆڕســــتانی شــێخ برایم بە تەواوی پڕبوەتەوە و جێگا مردوو ناشــتن نەماوە، هەرچی تایبەتە بە دوو گۆڕســتانەکەی تر، ئەوا لە ئێسـتادا مردوو تیادا دەنێژرێت، پاڵپشت بە سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کەسێکی ناوچەکە، دەکرێت بڵێین، لە ئێســــتادا نزیکەی 1 لە ســــەر 3ی ئەم دوو گۆڕســـتانە ڕووبەریان بەتاڵە، کە دەکاتە نزیکەی ($14000م^2$) کە نزیکەی (33%)ی کۆی ڕووبەری ئەم دوو گۆڕســــتانەیە، بە پێی پێوەری ناوبراو، ناوچەی توێژینەوە لە ئێستادا پاڵپشت بە قەبارەی دانیشتوانەکەی پێویستی بە نزیکەی ($11000م^2$) لە ڕووبەری گۆڕستان هەیە بۆ 20 ساڵی ئایندە، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین، ناوچەی توێژینەوە بێکێشەیە لە ڕووی دابین کردنی ڕووبەی تایبەت بە گۆڕستان بۆ 20 ساڵی ئایندە، کە ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ناوچەکە بە گشــــتی و پلانی گۆســــتانەکان بە تایبەتی.

## چوارەم: شیکردنەوەی قورسایی ناوەندی دابەشبوونی دانیشتوان و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان:-

ناوچەی قورســـایی دانیشـــتوان بە پێوەرێکی باش دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی دابەشـــبوونی دامەزراوە ئایینییەکان ئەمەش لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی تەکنیکی (Wight Center) (ســلیم و عزیز،2015م ل160)، مەبەست لێ دەستنیشان کردنی چەقی قورسایی دابەشبوونی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە ئایینییەکانە بە سەر ئاستەکانی قورسایی دابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچەکەدا، کە لەم ڕێگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئایا دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان بەپێی قەبارەی دابەشبوونی دانیشتوان دابەش بوونە یاخود نا، بۆ ئەم مەبەستەش ناوچەی توێژینەوە دابەش کراوە بە سەر پێنج ئاست لە قەبارەی دانیشـتوان، کە ئاستی یەکەم ئەو شـوێنانە لە خۆ دەگرێت، کەوا کەمترین ژمارەی دانیشـــتوانیان لە خۆ دەگرێت و ژمارەیان کەمترە لە (500)کەس، ئاســـتی پێنجەم کە کۆتا ئەو ناوچانە لە خۆ دەگرێت، کەوا زۆرترین قەبارەی دانیشتوانی تیادایە و ژمارەکەیان لە (2000) کەس زیاترە.


بە تێڕوانین لە خشـــتەی (8) و نەخشـــەی (6) تێبینی ئەوە دەکەین، ئاســـتی پێنجەم، ئەو ناوچانەیە، کە ژمارەی دانیشـــتوانیان بەرزە و لە (2000) کەس زیاترە، (9) خزمەتگوزاری لە خۆ دەگرێت. هەرچی ئاســـتی چوارەمە، ئەوەش بە ئاســـتی بەرزی دانیشـــتوان ناو دەبرێت، کە ژمارەی دانیشـتوانی لە نێوان (1501–2000) کەسـە، (10) خزمەتگوزاری تیادا بەدی دەکرێت. هەرچی تایبەتە بە ئاســـتی سـێیەم، کە بە ئاســـتی مامناوەند دادەنرێت، تەنها (1) خزمەتگوزاری بوونی هەیە. هەرچی ئاستی دووەم و یەکەمە، کە بە ئاستی نزمی قەبارەی دانیشتوان ناسراون، هیچ خزمەتگوزارییەکی ئایینی تیادا بەدی ناکرێت. لە شـــیکردنەوەی هەموو ئەمانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دابەشـــبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان لە ناوچەی توێژینەوە تا ڕادەیەکی زۆر پاڵپشت بە قەبارەی دانیشتوان بووە لە سەر ئاستی گەڕەکەکانی کۆمەڵگاکە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کەوا ڕەچاوی ئاسانی دەست گەیشتن بەو خزمەتگوزاریانە کراوە و دانیشتوان بە ئاسانی دەستیان پێی دەگات، ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت بۆ ناوچەی توێژینەوە.

**خشتەی (8) ئاستی قەبارەی دانیشتوان و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئایینییەکان بۆ ساڵی 2024**

| ژمارە | ئاست/ ژ. دانیشتوان | ژمارەی خزمەتگوزاری |
|---|---|---|
| 1 | ئاستی یەکەم/ کەمتر لە 500 | 0 |
| 2 | ئاستی دووەم/ 500 – 1000 | 0 |
| 3 | ئاستی سێیەم/ 1001 – 1500 | 1 |
| 4 | ئاستی چوارەم/ 1501 – 2000 | 10 |
| 5 | ئاستی پێنجەم/ زیاترلە2000 | 9 |
| | کۆی گشتی | 20 |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شاوێس.

**نەخشەی(6) سەنگی قورسایی دانیشتوان و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە کۆمەڵگای شاوێس بۆ ساڵی 2025**




سەرچاوە: کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی تولی (kriking) لەچوارچێوەی پرۆگرامی ArcGIS، پشتبەست بە زانیارییە بەدەست هاتووەکان.

**ئەنجام :**

1- کۆمەڵگای شاوێس تا ڕادەیەکی زۆر باش بێکەموکورییە لە ڕووی خزمەتگوزارییە ئاینییەکان.

2- ژمارەی مزگەوتی هەینی و مزگەتەکانی ناوچەی توێژینەوە زیاترن لە پێوەر.

3- دابەشبوونی خزمەتگوزارییە ئاینییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە سەر زۆربەی گەڕەکەکانی کۆمەڵگاکە دابەش بوونە.

4- ڕووبەری بە شێک لە مزگەوتەکانی هەینی بچوکترن لە پێوەر.

5- بوونی ڕووبەری پێویست بۆ گۆڕستان لە ناوچەکەدا بۆ 20 ساڵی ئایندە بەردەستە.

**ڕاسپاردە:**

1- بەردەوام گرنگی دان بە خزمەتگوزارییە ئاینییەکان لە ئایندەدا، چونکە لەگەڵ گەشەی دانیشتوان خواست لە سەر برو جۆری خزمەتگوزارییە ئاینییەکان زیاتر دەبێت.

2- فراوان کردنی ڕووبەری ئەو مزگەوتانەی کەوا ڕووبەریان بچوکترە لە پێوەر.
3- جیاکردنەوەی هۆڵی بۆنە ئایینییەکان لە ناو حەرەمی مزگەوتەکان، چونکە کارئاسانی زیاتر دەکات بۆ هاووڵاتییان.

**لیستی سەرچاوەکان:**


**یەکەم ـ سەرچاوە کوردییەکان:**

1- امیر قادر عزیز،(2013) هەڵسەنگاندنی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی ئایینی لە شاری هەولێر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا .
2- باسم قاسم سلێمان گۆران،(2022) شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاری ئایینی لە شاری بەردەرەش بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)، نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا .
3- هیوا صادق سلیم و امیر قادر عزیز،(2015)، تایبەتمەندیە جوگرافیەکانی دابەشبوونی مزگەوتەکانی شاری کۆیە بەبەکارهێنانی تەکنیکەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

1- عبدالكريم منصور الجدبه، الخدمات الدينية في محافظة عزة، رساله ماجستير(غير منشورة)، جاميعة الاسلامية-عزة، كلية الأداب، قسم الجغرافية، فلستين .
2- مزگین محمد حسن عبو،(2020)، التقيم الجغرافية لخدمات المساجد في مندية دهۆک، مجلة جامعة دهۆک، المجلد23، الحدد2 (العلوم الانسانية و الاجتماعية)ص563-575 .
3- محمد صلاح مصطفى أبو صلاح،(2016) التحليل المكاني للخدمات التعليمية والصحية في محافظة طوباس، رساله ماجستير(غيرمنشوره)، جاميعة بيرزينت، فلسطين .
4- ميسون محيي هلال سرحان العقيلي،(2003)، أثر المسجد الجامع على المشهد الحضري للمدينة، اطروحه دكتۆراه(غيرمنشورة)، معهد العالي للتخطيط الحضري والاقليمي .

**سێیەم: دامودەزگا میریەکان**

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، (2025)،( وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شاوێس .
2- وزارة التخطيط، هيئة التخطيط الأقليمي، قسم السكان و المستوطنات البشرية، أسس و معايير بناء مباني الخدمات العامة بغداد .

**چوارەم: سەرچاوەکانی تر (چاوپێکەوتن).**

7- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (یاسـین محمد امين)، توێژەری ئايينی، بڕوانامەی بەکالۆريوس لە زانستی ئيسلامی).

# التحليل الجغرافي للتوزيعات الخدمات الدينية في (المجتمع شاويس) باستخدام نظم المعلومات الجغرافية(GIS)

**الملخص**

تعتبر الخدمات الدينية من أبرز الخدمات المقدمة للسكان في أي مجتمع ومدينة، لأن هذه الخدمات ترتبط ارتباطا مباشرا بحياة الإنسان، وخاصة في المجتمعات الإسلامية، وتعتبر عاملا أساسيا لتنمية أي مجتمع، وهو نوع الأنشطة الدينية التي تمثلها المؤسسات الدينية، والتي تشمل الجامع، والمسجد، وقاعة المناسبات الدينية، والتكية، ومركز تحفيظ القرآن، و مقبرة.

الغرض من هذه الدراسة هو تحليل خصائص موقع الخدمات ووظيفتها، مع تحديد أوجه القصور وإيجاد الحلول المناسبة لها. ولتحقيق الهدف ينقسم البحث إلى أربعة محاور رئيسية: في المحور الأول يتم مناقشة مفهوم الخدمات و المنطقة الدراسة وفي المحور الثاني يتم شرح التوزيع الجغرافي لخصائص توزيعها وفي المحور الثالث يتم مناقشة تقييم موقع ووظيفة الخدمات وفي المحور الرابع، تمت مناقشة الوزن ومناقشة وزن مركز التوزيع السكاني وتوزيع الخدمات وخلصت الدراسة إلى أن منطقة الدراسة لم يكن بها أي قصور من حيث عدد الخدمات الدينية مثل الجامع والمساجد بل عدد الخدمات الدينية كان أعلى بكثير من المقياس.

**الكلمات المفتاحية:** التحليل، الخدمات، الدينية، الجامع ومسجد، GIS